مەڕۆنە نێو شوێن وشوێنەواری ئەوانەی ستەمیان لە خۆیان کرد؛ مەگەر بە گریانەوە نەبێت، نەبادا ئەوەی تووشی ئەوان بوو؛ بەسەر ئێوەیشدا ڕووبدات

لە عبد اللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- تێپەڕبووین بە لای خاکی حیجردا، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێمانی فەرموو: «مەڕۆنە نێو شوێن وشوێنەواری ئەوانەی ستەمیان لە خۆیان کرد؛ مەگەر بە گریانەوە نەبێت، نەبادا ئەوەی تووشی ئەوان بوو؛ بەسەر ئێوەیشدا ڕووبدات»، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە وشترەکەی خوڕی و بەپەلە تێپەڕی هەتا خاکی حیجری بەجێهێشت.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێك تێپەڕی بە لای شوێنی ئەوانەی سزا دران وستەمیان لەخۆیان کرد؛ نەهی کرد لە چوونە ژوورەوە بۆ ئەو شوێنانە، مەگەر کەسێك بە گریانەوە بچێتە نێویانەوە وپەند وەربگرێت؛ ئەمیش لە ترسی ئەوەی نەوەك ئەو سزا وئازارە تووشی بێت کە ئەوان تووشی بوون، پاشان لە ئاژەڵەکەی خوڕی وبە خێرایی ئەو شوێنەی تێپەڕاند.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66294